# ئەوەی لە مشك بێت جەواڵ درێنە !!

**نوری بێخاڵی**

ئەم ناوونیشانەی سەرەوە ، ئەو پەندە کوردییەیە کە من لە بەرامبەر عـەرەب و هەڵوێسـتیان لەمـەڕ کێشـەی کورد سەددەرسەد بڕوام پێیەتی، ئیدی هەقم بەسەر ئەوە نییە کەسێك پێـی وایـە شـۆفینیانە دەڕوانم ، وەك ئـەوەی کاریشـم بـە گوتـار و هەڵوێسـتی سـەرکردایەتی و دەسـەڵاتی سیاسـی کـوردی نییـە ، کـە بـەناوی سیاسەتکردن موجامەلەی عەرەب دەکەن.

لە شوێنی تریش ئاماژەم بەوە کردووە کە شەڕی چارەنوسسازی کورد لە باشوری کوردستاندا لەگەڵ عەرەب مـاوە ، شـەڕ دژی بـەعس و دیکتاتۆرییـەتی سـەدام بەشـێکی گـرنگ و قۆنـاغێکی مـەزنی ئـەو شـەڕە چارەنوسسازە بوو کە هێشتا کۆتایی پێنەهاتووە. چونکە لە بنەڕەتدا کورد شەڕی گـەورەی لەگـەڵ کلتـور و دنیابینییەکی سیاسی داخراوو دۆگما و شۆفینییە، کە ئەویشیان (عروبە) و شۆفینییەتی عەرەبییە ، بەعس و کێ و کێ بەشێکن یان کاراکتەرێکن کە نمایندەی ئەو کلتورە دەکەن، هـەر لەبـەر ئەوەیشـە دەڵـێم سـەدام و بەعس و سیاسەتەکانیان زادە و بەرهەمی ئەو باکگراوند و کلتور و جیهانبینییەن و درێژەپێدەری کـاروانێکی دوورو درێژی سیاسـەتە شـۆفینی و رەگەزپەرسـتییەکانی بـاب و باپیرانیـانن بەهـەردوو دیـوی (نەتـەوەیی – ئایینی).

ئەنفال و جینۆساید و کیمیاباران لە درێژەکردنەوەی کلتوری بـە شمشـێر بەئیسـلامکردن و داگیرکارییـەکانی بەناو (فتوحات) کـە پرۆسـە سـەرەتاییەکانی بەعـەرەبکردن بـوون بـترازێ شـتێکی تـر نـەبوون ...سـەدام و هاوشێوەکانی دیوی دووەمـی ( خالـد و سـەعد و قـەعقاع) ن وبـەس ، بـەڵام هەریەکـەیان لـە هەلومـەرجێکی سیاسی و کەتوارێکی کۆمەڵایەتی و شوێنکاتێکی مێژوویی جیاوازدا نماینـدە و نوێنـەری تـەوژم و هـەژموونی عروبە و شۆفینییەتی عەرەبین لەسەر هەردوو ئاستی ( نەتەوەیی – ئایینی) .

کە ئەمە راستییەکی مێژوویی تاڵ بێت، ئاساییە (بـرایم جافـەری) سـوێندی یاسـایی بشـێوێنێ و لەکارنامـەی حکومەتەکەیدا حساب بۆ ئیرادەی جەماوەری و سیاسی ( پەرلـەمان و حکومـەت) نـەکات ، هاوکـات شـتێکی نامۆ نییـە کـە (موقتـەدا) دژی فیدراڵییـەت و گەڕانـەوەی کـەرکوك و ناوچـە تـەعریبکراوەکان بێـت بـۆ سـەر هەرێمی کوردستان و (بەبیاتی) خەبات و قوربانیدانی کورد لەپارچـەیەکی نیشـتمانی خۆیـدا بـە تـیرۆر بداتـە قەڵەم . هەر نەخۆشی عروبەیـە وادەکـات کـە عـەرەب بـە لـۆژیکی ( الغایـە تـبرر الوسـیلە) هـەژموونی خـۆی بسەپێنێ ، بۆیە زۆر ئاسـاییە کـە ببیـنین لـەوڵاش (حـارس زاری ) و دەسـتەی زاناکـانی موسـڵمانان دەسـت بخەنە ناو دەستی ئیسرائیل ، ئاخر لە کلتوری عەرەبدا هەر زۆر ئاساییە بۆ بـەرزگرتنی گوتارەکـەت بـەرگری لـە ناهـەقیش بکـەیت، ئـەزموونی دڕندەییـەکانی بـەعس بەرامبـەر کـورد و هەڵوێسـتی جیهـانی ئیسـلامی و بەتایبەتی عەرەبی نزیکترین نموونە و بەڵگەیە، کە ئـەو هەڵوێستەشـیان بەرهـەم و زادەی لـۆژیکی ( انصـر اخاك ظالما او مظلوما !) ە .

بۆ کەسێکیش کە بەهەر بیانوێکەوە بێت خۆی لەو راستییانە نەبان بکات، لە کاڵفامی و ناشارەزایی لە مێژوو بترازێ شتێکی تر ناگەیەنێ... (دۆڵی ئەسحابە) ی خۆشناوەتی و (دۆڵی شەهیدان) ی بناری قەندیل کە مێژووی خوێنرێژی و دڕندەیی ئۆردوی (حیجاز و شام) و کلتوری مەرگدۆستی بیابانمان بیردەخەنەوە و نموونەی سەرەتاکانی پرۆسەکانی تەعریب و پاکتاوی رەگەزین ، تاکە جیاوازییان لەگەڵ قەسابخانەکانی هەڵەبجە و بادینان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان تەنها لەوەدایە کە میکانیزم و پاساوی پیادەکردن و سەردەمەکەیان جیاوازە ، ئەگینا لە ئامانج و ستراتیژدا دووړووی دراوێکن و کاراکتەرەکانی هەڵگری هەمان شوناس و دنیابینین!!